

# مۆدە و شێوازی جلی کوردی



کەرەستە کوردییەکان، بە هەر شێوازێك بن، جوانییەکی کراوە و ڕازاوە دەردەخەن، ئەمەش وادەکات کە لە شێوەی جوانی خۆی دەربچێت و هێمایەکی کوردانە و جوان نیشان بدات، لەم ڕێگەیەدا دەتوانین سوود لە جلەکان ببینین کە وەك جلێکی شایستە بێ بەسەر جەستەی خانمانەوە، بەم هۆیەوە شێوازی جلە کوردییەکان بەکاری تازەوە شێوازێکی شیاوو جوانتر لە خۆیان دەردەخەن.

وەك نەخشەکێشانی جلی کوردی لەسەر ئاڵای کوردستان، کە شێوازێکی بەرچاو و جوان لە خۆ دەگرێ و دەبێتە هێمایەکی کراوە بۆ جوانی ئەو جلە، لەگەڵ ئەوەشدا نەشونمایەکی کراوە و ناسکی پێوە دیار دەبێ، گوزارشت لە کچی کورد دەکات، بۆیە مۆدەی لەم جۆرە دەکرێ ببێتە مۆدەیەکی ڕازاوە و جوان و شایستەی جوانییەکە لەگەڵ جوانی خەسڵەتەکوردییەکان و لە خانمانی کورد بوەشێتەوە.



## ئێکسسوارە کۆنەکان مۆدەی

ئێکسوار و رازاندنەوە نەك لە ئێستا، بەڵکو لە کۆنیشدا بوونی هەبووەو هەر دەم لە برەودا بووە، ملوانکە وەك ڕازاندنەوەیەك بۆ خانمان هەمووکات لە گۆڕانکاریدابووە، لەو مادەیەی کە لێی دروست کراوە یان لە شێوەکەی، ئەوەی دەیبینین ملوانەی کۆنی فۆلکلۆری کوردییە، کە لە کۆندا خانمان بەکاریان هێناوەو لە ئێستادا لە مۆزەخانەو ئەنتیکەخانەکاندا

## ماکیاژی ڕوخساری خانمانی بووک



ماکیاژەکان شێوازی جوانیت دیاری دەکەن، ئەمەش وادەکات ببێتە ڕێگەیەکی گرنگ بۆ هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ماکیاژەی کە لەگەڵ جوانی پێست و روخسارت دەگونجێت، کاتێك خانمان دەبن بە بووك، دەبێ سەرەتا شێوازی تەسریحە و ماکیاژ و بەدللە هەڵبژێرن، لە هەموویان گرنگتر ماکیاژی ڕوخسارە، کە بەهۆیەوە دەکرێ جوانی بووك دەربکەوێ، بە جۆرێك لایەنەکانی دیکەش فەرامۆش نەکرێ، لەم چەند شێوازەدا جوانترین مۆدەکانی ماکیاژ دەردەکەوێت، ئەوەی مەبەستە لەم شێوازانە، دەبێ سەرەتا لەگەڵ شێوەی دەموچاو و ڕوخساری بگونجێ، ئەمەش وادەکات جوانییەکی ڕەهای پێ ببەخشێ، لێرەدا ئاگادار بوون لە تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان شێوازێکی ناسك دەنوێنێ.

# کراسەکان لەگەڵ رەنگی رەشدا شایستە دەبن



رەنگەکان کاریگەرییان دەبێ لەسەر شێوەی جلوبەرگەکان، ئەمەش وادەکات کە جلەکان بەو پێیە هەڵبژێردرێن کە شیاوی رەنگێکی کراوە و جوان بن، تەنانەت هەر جلێك لەگەڵ شێوازە رەنگێکدا جوان وکاریگەر دەبێ، بەمەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین و رازاوەترین مۆدەکان، یەکێك لە شایستەترین رەنگەکان بریتییە لە رەنگی (رەش)، کە ئەویش تاکە رەنگە هێمای هێمنی و جوانییەکی شاراوە و نهێنی تێدا دەربکەوێ، بە جۆرێك دەبێتە رەنگدانەوەی جوانی پێستی خانمان کاتێك لە جوانیدا پێچەوانەی رەنگی پێست دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات کە سنووری جوانی هەر یەکە لە جلەکە و پێست دیاری بکات، بۆیە دەکرێ کراسەکان، لە رەنگی رەش بن، کە جوانییەکی بێهاوتای هەیە و نزیکە لە شایستەترین مۆدەکانی کراسەوە کە لە رەنگی رەشەوە نزیك بێت.



# شێوازێک لە ستایلی ملوانکەکان هەڵبژێرە

ملوانکەکان بە چەندین شێوەی جیاواز و کاریگەرەوە، دەبن بە هێمایەك بۆ جوانی و ناسکی لە ملی خانماندا، هەر یەکە لە خانمان سەربەستە لەوەی چ جۆرە ملوانکەیەك بەکاردەهێنێ، ئەمەش وادەکات لە رێگەی ئەو ملوانەکەیەوە شێوازی ئێکسسواری ملوانکە دیاری بکات، چەندین جۆرە شێوەی ملوانکە هەن، لەوانە: ملوانکە لە شێوەی پیت، لەسەر شێوەی پیتی ناو، شێوەی دڵ و خۆشەویستی، شێوەی سروشتی و ڕەنگاوڕەنگ. هەر یەکە لەم شێوازانەش دەبن بە هێمایەکی جوان لە ناو شێوازەکانی ملوانکەدا، بەمەش دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانییەکی درەوشاوەو ناسك لە شێوەکاندا، لە ڕێگەی ئەو ملوانکەیەوە دەکرێ جوانی مل کراوە بێ و لەگەڵ ئەو ملوانکەیە زیاتر ڕازاوەتر بێ.




# ڕازاوەن بۆ ئێستامان

دەبینرێ و بۆتە سامانێکی کەلتووری، ئەوەی دەردەکەوێ ئەوەیە کەوا ئەو ملوانکانە هەندێ جار لە ماددەی تەنەکەو هەندێ جار لە زیوو دروست کراوە، ئەوەی جێی باسە لەگەڵ ئەوەی لەکۆندا هۆکارگەلێکی ئەوو تۆ نەبووە بۆ دروست کردنی، بەڵام ئەوەی دەبینرێ کە زۆر کارامەو بە چەندین نەخش و شێوازو و تەکنیك دروست کراوە.

# هاوینەهەواری زاویتە دیمـــــــ






هاوینە هەوارەکانی کوردســـتان بە جوانترین دیمەن دەگەشێنەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە خەڵك لە دوور و نزیکەوە سەردانی ئەو شوێنە خۆشـــانە دەکەن، یەکێك لەو هاوینەهەوارانە بریتییە لـــە هاوینەهـــەواری (زاویتە)، کە شـــوێنێکی بەناوبانگـــە و دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشـــی هەیـــە، زاویتە دەکەوێتە سنووری شاری دهۆکەوە، بە نزیکایی (١٦) کیلۆمەتر و بەرزاییەکەی ئەم شوێنەش دەگاتە

# (لادە) هێشتا لە کوردستان ماوە !



ئوتۆمبێلە کۆنەکان وەکو یادگارییەك لەبەرچاومانن، یان هەر کەرەســـتەیەك یان شـــوێنەوارێك کە لە پێشـــوودا هەبێ و ئێســـتا مۆدەی نەمابێ، گشت کەرەســـتەکان بـــۆ ماوەیـــەك بەکاردەهێنرێن و ئیتر لـــە داهاتوو دەبێتە کەرەستەیەکی کۆن و گرانبەها، وەکو ئەو کەرەستانەی کە لە سەردەمەکانی پێشوودا بەکارهێنراون و ئێســـتا لـــە موزەخانەکاندا دانـــراون، لە کوردســـتانیش ئێمـــە یادگاریمـــان هەیە لەگەڵ ئوتۆمبێلی (لادە) دا، جـــاران دەووتـــرا هات لادە خۆت لادە،لە هەمووی ســـەیرتر کاتێك تەنکییەکی بەتاڵی دەخرایە ســـەر، کەچی تا ئێســـتاش لادە لە کوردستان ماوە کە ماوەی چەند ســـاڵێکە کار دەکات ئێستا مۆدێلی نەماوە، کەچی شـــەوێکیان لادەیەکم بەرچاوکەوت، زۆر جوان و پاك بوو، خاوەنەکەی دەیوت تا ئێستا بە پاکی پاراســـتوومە و نرخەکەی بە دەفتەرێـــك دۆلار کەمتر نایفرۆشم.

## ـــــەنێکی هەردەم گەشاوەیە





(٨٨٥) مەتر لەسەر ئاستی دەریا، پلەی گەرمی دەگاتە (٣٨) پلە لە هاویندا،لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی جوانی هەیە، هەروەها ئاوێکی سازگاری هەیەو بەسەر شوێنە بەرزەکانەوە بە خوڕ دادەچۆڕێتە خوارەوە و شوێنێکە بۆ گەشتوگوزار، تەنانەت ئاوێکی ساف و شیرینی هەیەو سەردانکردنی ئەم هاوینەهەوارە بۆ گەشت و سەیران وادەکات گەشتیاران ئاسوودە بن.



## لەیدی گاگا دەبێتە ماری کۆبرا

جلوبەرگە سەیرەکانی هونەرمەندان بە چەندین شێوەی سەیرو کراوە دەردەکەون، ئەمەش بۆ دەرخستنی نازناوێك بە جلەکانییانەوە، یان کارێکی وا بکەن کە جیاواز بن لەگەڵ کەسانی دیکەدا، یان هاوشێوەی هونەرمەندانی دیکە، ئەوەی دەیبینن جلێکی تایبەتە بە خانمە گۆرانیبێژی جیهانی (لەیدی گاگا) کە شێوەی مارێکی کۆبرای وەرگرتووەو شێوەیەکی سەیر و جوانی هەیە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە یەکێك لە مۆدەکانی داهاتوو.




## بە زمان نمایشی جمناستیک دەکات

کارەسەیرەکان بە چەندین دیمەنی جوانەوە تێدەپەڕن، ئەمەش وادەکات کارەکە ببێتە دیمەنێکی سەیر لەبەرچاوی گشت کەسێکدا، ئەوەی دەیبینن بەهرمەندێتی منداڵێکە کە دەتوانی زمانی بەجوانترین و سەیرترین شێوەی جووڵەوە بجووڵێنێت، بەهۆی کارکردن و تاقیکردنەوەوە ئەو منداڵە توانیویەتی خۆی بەم ئاستە بگەیەنێت، کە زوومی کامێراکان وێنەی زمانی بگرن کاتێك جووڵە سەیرەکان ئەنجام دەدات و ئەستەمە بۆکەسێکی ئاسایی کاری ئەوها ئەنجام بدات.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەمڕۆ پێویستیت بەوە هەیە کە زۆر ئارام بیت و لەهەڵچوون بەدوور بیت ئەگینا ئەو دەستکەوتانەی کەهەوڵت بۆ داون و بەماندووبوونێکی زۆر بەدەستت هێناون لەدەستی دەدەیت .




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هیواو ئاواتی نوێت لا دروست دەبێت و دەرگاکان بەڕووتدا دەکرێنەوە، پێشنیازەکانت بخەرە بەردەم لێپرسراوانی کاروبارت، ڕەنگە گوێت لێ بگیرێت، چارەسەر بۆ کێشەکانت بدۆزەرەوە .



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەبواری کارەوە ڕووبەڕووی حەسادەتەوە دەبیتەوە و پێویستە ئاگاداری خۆت بیت، هەندێ: لەرکابەرەکانت کێشەت بۆ دروست دەکەن، ئاگاداربە هیچ کەس کۆنترۆڵت نەکات، دوورکەرەوە لەچالاکی زۆرو گران.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ڕەزامەندی لەسەر هیچ کارێك مەکە کەپێوەندی بە دوارۆژتەوە هەبێت لەم ماوەیەدا، ئارام بەو پرس و راوێژ بەکەسانی لەخۆت گەورەترو بەئەزموون بکە، ڕەنگە هەفتەی دابێت کات لەبار بێت بۆ ئەم کارانە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئیش و کارەکانت وەکو ئەوەی بەرنامەت بۆ داناون بەڕێوە ناچێت، بۆیە تووشی نائومێدی و دڵەراوکێ دەبیت، پێویستیت بە پشوودان دەبێت، هەوڵبدە هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت،کەمێ: پشوودان سوودت پێدەگەیەنێت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم ماوەیە بەرە بەرە ڕووەو تەنیایی هەنگاو هەڵدەگریت بەبێ ئەوەی خۆت هەستی پێبکەیت، ئاگاداربە نائومێدی بەسەرتدا زاڵ نەبێت .

# جوانترین سمێڵ !



دوای ئەوەی پێشبڕکێیەکی گەورە کرایەوە لەسەر ئاستی پیاوان، بۆ دەست نیشان کردنی جوانترین سمێڵ، ئەمەش لە پێشبڕکێیەك لە وڵاتی نەرویژ ئەنجامدرا، لە کۆتایی ئەنجامەکاندا پیاوێك بەناوی (ئیلمار فایسەر)ی (٤٧) ساڵ، کە خۆی و سمێڵە فشەکەی بەشدارییان کردبوو، بۆیە بە جوانترین خاوەن سمێڵ دەست نیشانکرا و خەڵاتی پێشبڕکێیەکەی بەدەست هێنا، بووە خاوەنی جوانترین سمێڵ لە جیهاندا..

# یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی شارۆچکەیەکی کوردستانە، لە هاوینەهەواری بێخاڵ نزیکە بۆ دەربچێ .**

د ز و ا ە ر ا و

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (هەورامان)**

# نوکته

- ڕۆژێکیان ژنێك پەڵپینە لێئەنێ، ڕۆژی دووەم سڵقاو، ڕۆژی سێیەم سپێناخ، ڕۆژی چوارەم پیاوەکە ئەڵێ: ئافرەت ئەمڕۆ هیچ لێمەنێ، چێشتی تۆم ناوێ، خۆم ئەچمە ناو باخەکەوە و لەوێ ئەلەوەڕم...

* * *

- خەسویەک ئەیەوێت زاواکەی تاقی بکاتەوە بزانێت خۆشی ئەوێت یان نا لەگەڵیدا ئەچێتە دەرەوە خۆی ئەخاتە ناو ئاوێکەوە هاوار ئەکات فریام کەون ئەویش خێرا دەری ئەهێنێتەوە. شەو ئەنوێت و بەیانی ئەبینێت یەک سەیارەی ئۆپترا دانراوە لەبەردەم ماڵەکەیدا لەسەر وەرەقەیەک نووسراوە ئەمە دیاری خەسووتە چونکە بۆم دەرکەوت چەند منت خۆش ئەوێت.

جارێکی کە بە یەکەوە ئەچنەوە دەرەوە خەسووی بەڕاستی ئەکەوێتە ناو ئاوو هاوار ئەکات فریام کەوە ئەمیش وا ئەزانێت هەر تاقیکردنەوەیە، ناچێت و بۆ خۆی ئەمرێت . بەیانی سەیر ئەکات یەک وەنەوشەی ئاخر مۆدێل لەبەردەم ماڵەکایاندایە نووسراوە ئەمە دیاری خەزورتە ئێستا زانیم چەند منت خۆش ئەوێت!





**وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش**

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان جیاوازییەکاندا**

ئا: خەتاب سابیر

| ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | ١ |
| | | | | ■ | | | | ■ | | ٢ |
| | | ■ | | | ■ | | | | | ٣ |
| | | | | | ■ | | | | | ٤ |
| | | | | ■ | | | | ■ | | ٥ |
| | | | | | ■ | | | ■ | | ٦ |
| | ■ | | | | ■ | | | | | ٧ |
| | | | | ■ | | | | | | ٨ |
| | | | | | ■ | | | | | ٩ |
| | | | | | ■ | | | | | ١٠ |

## ئاســـۆیی:

١- نووسەرەکی فەرەنسییە.
٢- شارێکە لە سودان- سینی (ت).
٣- گیانلەبەرێکە(پ)- دراوێکی بیانیە- وەکو یەکە.
٤- دیرە(ت)- پەلەوەرێکە.
٥- ڕێگای شەمەندەفەرە(پ)- فرین(ت).
٦- وەکو یەکە- شەیدا(ت).
٧- شفتی بە عەرەبی(پ)- ســـەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بوو(پ).
٨- چیایەکە لە کوردستان – ناوێکی کچانەیە.
٩- ڕەسم (پ)- مارکەیەکی جیهانی یە.
١٠- عەشیرەتێکی کوردە – هەنجەت(پ).

## ســـتوونی:

١- شاعرێکی کۆچکردووی کوردە.
٢- ژمارەیەکە(پ)- خانمە گۆرانی بێژێکی کوردە.
٣- ڕۆمانێکی (ابراهیم ئەحمەد)ە+ پیتێك.
٤- بەرهەمێکی شیعری شاعیر(هێمن موکریانی) یە.
٥- وەکو یەکە.
٦- نۆتەیەکی مۆسیقایە(پ)- وەکو یەکە – سەگ.
٧- یەکەم کەس بوو کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دا وەرگرتووە و بە دامەزرێنەری ڕێکخراوی خاچی سوور دادەنرێت.
٨- نۆتەیەکی مۆسیقایە(پ)- پیتێك + کوێر.
٩- میوەیەکە – های(ت).
١٠- پایتەختی ئۆرگواری(پ).





**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**




زیاتر لەگەڵ بـــارودۆخ دەگونجێیت، بەڵام هەندێـــك گیروگرفت ســـەرهەڵدەدەن کە پێوەندی بە باری کەسێتی و کاروبارتەوە هەیە، بۆیە هەســـت بەرووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر دەکەیت بەڵام زوو چارەسەر دەبێت .

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**




کەمێك پشـــوو بدەو بەدوای ئاشتی و ئارامیدا بگـــەڕێ و دووریش بکەوە لەناکۆکی و مشتومڕ پێویستیت بەکەمێ: ساردبوونەو هێمنی هەیە، لەهەندێ هاوڕێی دڵسۆز نزیك بەرەوە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**



ئەو قســـانەی کە ئـــەم ماوەیـــەی دوایی گوێبیســـتی بوویت، مەرج نییە هەمووی راســـت بێت، بۆیە باش نییە لەخۆڕا بڕیار بدەیت بێ ئەوەی لەڕاســـتی مەســـەلەکان دڵنیا بیت .

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**




لەوانەیە ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانت ڕوو بدات کاریگەری لەســـەر ژیانت دەبێـــت و پێوەندی بەســـەرکەوتن و گونجاندن و ئاســـایی کردنـــەوەی بارودۆخی ژیانتەوە هەبێت .

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**



لەگشـــت بوارەکانی ژیاندا پێویستە وریا بیـــت بەتایبەتی ئەمڕۆ، ئەگەر خەریکی چارەســـەرکردنی کێشەیەکت زۆر پەلە مەکە، چونکە ئەم کات و ساتە بۆ تۆ جێگای بێ ئومێدییە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**



لە ژیانـــی کۆمەڵایەتیدا ئەوەندە نەرم مەبە، چونکە کەســـانێك هەن دەیانەوێ ژیانت تێك بدەن و، خۆشـــی تۆیان ناوێت، بەئەنقەســـت بیروڕاکانی تۆ ناشیرین دەکەن، بەهەموو شتێك هەڵمەفریوێ .

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (وان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی گوێ درێژە )
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕاست)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (نا بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (هۆزێکی کوردی بەناوبانگن)